فەرەنسا میوانداری کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بەسوریا دەکات

کۆشکی ئیلیزێ رایگەیاند ،کە فەرەنسا لە 13 ی شوبات لە پاریس میوانداری کۆنفرانسێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە سوریا دەکات و تیایدا گفتوگۆ لەسەر "گواستنەوەی سیاسی دادپەروەرانە و گشتگیر" دەکرێت.

ئەم کۆنفرانسە سێیەم کۆنفرانسە لەدوای یەکەم کۆبوونەوە کە لە 14 ی کانوونی یەکەمی ئەمساڵ لە عەقەبە لە ئوردن بەڕێوەچوو دوای ڕووخانی بەشار ئەسەد لە 8 ی کانوونی یەکەم.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی کۆشکی ئیلیزێ، سەرۆکی فەرەنسا ئیمانوێل ماکرۆن لە پەیوەندییەکی تەلەفۆنیدا لەگەڵ شازادەی جێنشینی سعودیە محەمەد بن سەلمان، جەختیان لە بەرواری کۆنفرانسەکە کردەوە .

لە ڕاگەیاندراوەکەش هاتووە: "هەردوو سەرکردە پابەندبوونی خۆیان دووپاتکردەوە بە پشتیوانیکردن لە گواستنەوەیەکی سیاسی دادپەروەرانە و گشتگیر کە ئێز لە مافەکانی هەموو خەڵکی سوریا بگرێت."

هەروەها جەختیان لەوە کردەوە کە پێویستە ئێز لە سەروەری سوریا بگیرێت و سوریا لە هەر دەستوەردانێکی دەرەکی بپارێزرێت.